# کوردستان و وێڵبوون بە شوێن مافەکانی مرۆڤدا

**خالید محەممەد زادە**

پەلاماربردنە سەر تاکو تێکشکاندنی جەوهەری ئینسانیی فەرد لای ئێمە مێژوویەکی دوورودرێژی هەیە. ئەگەر لەلایەك دەسەڵاتی ناکوردی لە هەوڵی بەردەوامدا بووە بۆ بچووککردنەوەی ئینسانی کورد، ئەوە لەبیرمان نەچێ رۆربەی شۆڕشەکانی ئێمەش شۆڕشی بەهێندنەگرتنی فەرد بوون! بەو مانایە کە ئەم شۆڕشانە ئەوەندەی کاریان کردوە لەسەر توانەوەی تاك لە کۆمەڵگەو لە ئاستێکی گشتیدا ئەوەندە بایەخیان نەداوە بە رزگاركردنی فەرد لە هەژمونگەلی باو و هەموو ئایدیاو شۆڕشەکانمان هەتاکو ئێستایش ئازادکردنی فەرد لە ئازادکردنی کۆمەڵگە لەژێر ستەمی نەتەوەییدا پێناسە دەکەن و هەموو پرسەکانی تایبەت لە کۆمەڵگەو یەك لەوان ویست و حەزو ئازادییە فەردییەکان دەبەستنەوە بە زرگاری یەکجاری نیشتمان لە دەستی داگیرکەردا. بۆیە لەوەها ئایدیایەکدا نەك مافەکانی تاك تا رزگاریی نیشتمان مانا نادەن، بەڵکو زۆر لەداواو غەریزە شەخسییەکانیش لادانە لە "ئەخلاقی شۆڕشگێڕی" و دەبێ تاکەکان بێ لە بەرچاوگرتنی خەون و داواکانیان وەك سەربازێکی گوێڕایەڵ لە خزمەت رزگاریی نیشتماندا بن!

لەلایەکی دیکەشەوە هەموو پرسەکانی تایبەت بە منداڵ، لاوان، ژنان و... بۆ هەمیشە پشتگوێ دەخرێن و دەکەونە ژێر قورسایی ئەم عەقڵیەتە کلاسیکەکە کە پێشینەیەکی قووڵی مارکسیستی/ ئیسلامی لە پشتەو پێویایە تاك بە تەنیاو وەك خۆی هیچ مانایەك نادا، کەسایەتی فەرد بەستراوەتەوە بە کۆمەڵگەو حیزب و بنەماڵە. بۆیە شۆڕشەکانی ئێمە ئەوەندەی شۆڕشی رزگاریی نیشتمان بوون، یەك ئەوەندە شۆڕشی بەئاگاهێنانەوەی فەرد لە ویست و داخوازەکانی خۆی نەبووەو خەبات بۆ کۆمەڵگەیەکی مەدەنی بە پاراستنی مافەکانی مرۆڤ نەبووە، بەڵکو شۆڕشی ملکەجکردنی فەرد بە ئاژارەکانی نیشتمان و رزگاركردنی "دایکی نیشتمان" بووە. ئاڵێرەدا ئەوەندە هەوڵدەدرێ فەرد بە ئاگابهێنرێتەوە لە مافە نیشتمانی و بەتایبەتی ئەرکە نیشتمانییەکانی هیچ کاتێك هەوڵ نادرێ فەرد بە ئاگابێتەوە لەمافەکانی خۆی وەك هاوولاتییەك، فەرد لێرەدا بە "مکلف" دەکرێ نەك بە "محق".

بە "مکلف" کردنی فەردیش لە هەر کۆمەڵگەیەکدا نەك ناکۆکە لەگەڵ دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ، بەڵکو لە هەمان کاتدا خاڵێکردنەوەی ئینسانە لە جەوهەری خۆی و بینینیەتی وەك بوونەوەرێکی چووکەی بێ ئیرادە کە هەمیشە پێویستی بە نەسیحەتکردن هەیە.

هەوڵی شۆڕشگێڕانی ئێمە ئەوە نەبووە کە فەرد بە ئاگابهێننەوە لە مافی هاوولاتیبوونی خۆی، بەڵکو هەوڵ بووە بۆ ئەوەی بە ئاگاییبێننەوە لە دیلیەتی نیشتمان و ئامادەی بکەن بۆ رزگاركردنی نیشتمان. هەرچەند لای ئێمە هەوڵدان بۆ رزگاریی نیشتمان لە دیلیەتی هاوکات بووە لە بەدیلکردنی فەرد بۆ رزگاری نیشتمان! ئالێرەدایە کە لای ئێمە قۆناغی رزگاریی هاوکاتە لەگەڵ پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ بە بیانووی رزگاریی نیشتمان و ئەوەش شەرعییەت دەدا بەم پێشێلکاریانە، تەنیاو تەنیا ژێردەستەبوونی نیشتمانە.

هەڵەیەکی گەورە دەکەین کە قۆناغی رزگاركردنی نیشتمان بەواتای رزگاركردنی فەرد لەو کۆت و بەندانە دابنێین کە رۆژانە بەدەستییەوە دەنالێنین، چونکە شۆڕشە رزگاریخوازەکان لە باڵاترین ئاستدا کار لەسەر لابردنی ستەمی ئەوی دی لەسەر نیشتمان دەکەن و نەفسی ئەم هەوڵانە بە واتای ئازادکردنی فەرد نەبووە، چونکە ئەم شۆڕشانە لە بنچینەدا تێگەیشتنێکی دروستیان لە مافەکانی مرۆڤ بەدەستەوە نەداوە. ئەمە لەپاڵ ئەوەدا کە دیموکراسی وەك مۆدێرنترین دەسکەوتی ئینسانی کە ئازادییە فەردییەکان و مافەکانی مرۆڤ لە بنچینە سەرەتاییەکانییەتی هەتاکو ئێستاش لە شۆڕشەکانی ئێمە روخساری شیعاریان هەیە. رەنگە لە سەدەی بیستویەکەمدا بەلاتانەوە سەیر نەبێت کە ئێستایش هەن هێندێك هێزی رزگاریخوازیی کوردی، وەك



(پ.ك.ك) بە بیانووی رزگاریی نیشتمان ژیانی هاوسەریەتیان لە ئەندامانی خۆیان یاساغ کردووەو زۆر قەیدو بەندی پێچەوانەی جارنامەی گەردوونی مافەکانی مرۆڤ بەبیانووی رزگاریی نیشتمان لە دەوری تاکەکان دەکێشن. دیارە خەسارناسی مافەکانی مرۆڤ لە کوردستاندا هیچ پێوەندیی بە رەوابوون یا ناڕەوابوونی بزووتنەوە سیاسییەکانی کوردستانەوە نییەو گرنگ ئەوەیە کە ژێردەستەبوونی نیشتمان بیانوویەکی باشی داوە بەدەست بۆ پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ.

دیارە تێگەیشتن لە مافەکانی مرۆڤو پاراستنی مافەکانی مرۆڤیش پێوەندیی راستەوخۆی هەیە بە بوونی دیموکراسی هەم وەك ئەرزشێکی کۆمەڵایەتی و کەلتووری و هەم وەك ساختارێکی حکومەتی کە بەداخەوە لای ئێمە هەتاکو ئێستایش غاییبە، چونکە تۆ ناکرێ باس لە پاراستنی مافەکانی مرۆڤ بکەی لە حاڵێکدا کە کۆمەڵگەکەت کۆمەڵگەیەکی نادیموکراتەو رۆژانەش لەسەر بەرهەمهێنانی ئەم هێزانەش کار دەکا کە تاسەر ئێسقان دژی دیموکراسین. گرنگی ئەم قسەیە ئەو کاتە دەردەکەوێ کە باوەڕ بێنین بەم راستییە کە مافەکانی مرۆڤ لە مانا هەرە گشتییەکەی بەرهەمی دیموکراسییە. دیموکراسیش بەبێ بینینی فەرد وەك خۆی مانا نادا. لەلایەکی دیکەشەوە دەبێ ئیعتراف بەم راستییە بکرێ کە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لە کوردستاندا تەنیا بنچینەی ئایدۆلۆژیایی و سیاسی لەپشت نییە، بەڵکو خوێندنەوەیەکی خێرای تانوپۆی کۆمەڵایەتی و کەلتووری ئەم کۆمەڵگەیە بە ئێمە دەڵێ کە فەرد لە کوردستاندا جێگەی شیاوی خۆی پێ نەدراوە. ئەمەش هیچ پێوەندیی بە پڕشنگداربوونی ئەم مێژوویە کە کەسانێك بە ئێمەی دەفرۆشنەوە نییە. بۆ نموونە مێژووی ئەدەبیی ئێمە لێوانلێوە لەو چیرۆکانەی کە هەوڵی تاکەکان بۆ رزگاربوونیان لە کەلتووری چەقبەستوو پیشاندەدا. ئەم مێژوویە بە نیسبەت تاکەکانەوە پڕە لە تراژیدیا کە ترادسیۆنی زاڵ بەسەر تاکەکانی ئەم کۆمەڵگەیە هێناوە.

ئەوانەی ئەمڕۆ بە شاکاری ئەدەبی و حەیران و... باسیان لێوە دەکرێ، دیوێکی دیکەی ئەو تراژیدیایانەن کە لەسەر راونانی خەونەکانی فەرد کار دەکەن. لێرەدا بەبێ ئەوەی بچینە ناو وردەکارییەکانی ئەم حیکایەتو بەسەرهاتانە، دەتوانم بڵێم لای ئێمە مەیلێکی دوژمنکارانە بۆ بەهێندنەگرتنی فەرد لە کۆمەڵگەی کوردیدا دەبینرێ. لە هەر قۆناغو زەمەنێکیشدا کۆمەڵێك ئایدیاو باوەڕ شەرعییەتیان داوە، بەم پێشێلکاریانە. لەسەریەك، هەموو ئەو ئایدیاو باوەڕە هاوەردەییانەی وەك باوەڕگەلی مارکسیستی/ ئیسلامی و تەنانەت خودی ناسیۆنالیزمی جۆری دەمارگرژی کوردی بە سەرچاوەی یەکەمی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە کوردستاندا دەژمێردرێن و پێوەندیی هەرسێ ئایدیاو باوەڕ لەگەڵ مافەکانی مرۆڤ پێوەندییەکی دوژمنکارانە بووەو هەرسێ رەوت فەردیان لە جەوهەری خۆی بۆ ئامانجەکانی خۆیان خاڵی کردۆتەوەو هەروەك چۆن تاکێکی ئیسلامی بەرنامەو پێناسەو رێکاری دیارەو دەبێ بە پێی ئەو بەرنامانە هەڵسوکەوت بکا کە وەك تاکێکی موسڵمان بۆی دیاریکراوە بە هەمان ئەندازەش پیاوێکی کۆمۆنیست لە باشترین حاڵەتدا چریکێکی گوێڕایەڵی ئەفکاری مارکسیستییەو تووتیوار ئەو وانانەمان بۆ دەڵێتەوە کە پێی دیکتە کراوەو پیاوێکی ناسیۆنالیستیش هەر چەشنە چەند دەنگییەك و رەهابوونی تاك بە مەترسییەك دەزانێ بۆ ئەو "یەکگرتن" و "یەکبوون"ەی کە ئەو هاواری بۆ دەکاو پێیوایە لەو "یەکگرتن"ە دایە کە بە مافەکانی دەگا.

لەلایەکی دیکەشەوە بە کۆلۆنیاکردنی کوردستان و هەڵوەشانەوەی هەم وەك جوغرافیاو هەم وەك نەتەوەیەك زیندانێکی گەورەی بۆ تاکی کوردی پێکهێناوە کە تەئسیری گەورەی هەبووە لە نائاشنایی تاکی کوردی بە مافەکانی و پێشێلکردنی رۆرێکی دیکە لە مافەکانی. لە بیرمان نەچێ هەموو ئەو سیستەمە ناکوردیانەی کە بە درێژایی مێژوو تەعبیریان لە کوردبوونی تاکی کورد کردووە، بۆ هەمیشە لەسەر بچووککردنەوەی تاکی کورد و ترساندنی تاکی کورد و دوورخستنەوەیان لە مافەکانی کاریان کردووە. مێژووی ئەم هەوڵانە بە ئێمە دەڵێ کە وێڵبوونی تاکو گەڕان بەشوێن مافەکانی لەهەر ئایدیایەکدا جگە لەدیموکراسی وێڵبوونێکی بەردەوامە، بەڵام ئەزموون بە ئێمە دەڵێ هیچ ئایدیاو باوەڕو رەوتێکی ئینسانی و کۆمەڵایەتی وەك دیموکراسی بایەخی بە فەرد وەك خۆی نەداوە.

لەراستی جارنامەی نێونەتەوەیی مافەکانی مرۆڤ چەمکی هاوولاتیبوون و شارۆمەندی و زۆر لە دەستکەوتەکانی مرۆڤ بەرهەمی دیموکراسین و لە دیموکراسیدایە کە فەرد وەك خۆی دەبینرێ. هەوڵی گەورەی دیموکراسی گەڕانەوەی رێزو حورمەتە بۆ تاکو شۆردنەوەی لە هەموو ئەو ئایدیاو هەژمونانەیە کە لەسەر قورسکردنی فەرد کار دەکەن و لە نەبوونی دیموکراسیشدا فەرد وەك بینراوە ملکەچ دەکرێ و بە کەسێکی "مکلف" سەیر دەکرێ. غاییبوونی دیموکراسی و نەهادینە نەبوونی باوەڕگەلی دیموکراسی و ساختەکارەکانی خەساری گەورەی کۆمەڵگەی کوردییە.

کۆمەڵگەی کوردی یەك لەو کۆمەڵگەیانەیە کە تا سەر ئێسقان پێویستی بە تەمرینی دیموکراسی و نەهادینەکردنی دەسکەوتەکانی دیموکراسی هەیە و هیچ بیانوویەك ناتوانێ بۆ ساتێکیش خەبات لە پێناو دیموکراسی رابگرێ و تەنانەت بە مانا هەرە باڵاکەشیدا کێشەی کورد بەبێ بوونی خەباتێکی هاوچەرخانەی دیموکراسی ئاسا مەحاڵە بە ئاکامی دڵخواز بگات. بۆیە حەقە کە هەوڵی جیددی بدرێ بۆ دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگەو دیموکراسی خەمی سەرەکی هەموو لایەنە کوردییەکان بێ.

لە بیرمان نەچێ رزگاری نیشتمان بەبێ رزگاری تاکەکانی تەنیا لە دەهمێك دەچێ و ئاگایی کۆمەڵایەتی و چوونەسەری ئاستی هۆشیاری نەتەوەیی پێوەندیی راستەوخۆی هەیە بە ئازادئەندێشی و رەهابوونی تاکی کوردی و پێشێلکردنی مافەکانی کرۆڤێش لەکوردستاندا تەنیا ناتوانێ هۆکاری دەرەکی هەبێو دەبێ هەوڵبدرێ تاکی کوردی ئاشنا بکرێ لەگەڵ مافەکانی مرۆڤو هەموو ئەو مافانەی کە لە چارنامەی مافەکانی مرۆڤدا هەن. قسەی ئاخر ئەوەیە کە هەتاکو ئێستایش مافەکانی مرۆڤی کورد لە کوردستاندا وەك خۆی پارێزراو نییەو رۆژانە شاهیدی پەلاماربردنی سەر ئەو مافانەین کە لە چارنامەی مافەکانی مرۆڤ بەرەسمی ناسێندراون و ئەم مافانەش حەقە لە کوردستان کاریان پێ بکرێن و خەبات بۆ دیموکراسی خەمی گەورەی کۆمەڵگەی کوردی و بەتایبەتی رۆشنبیران، رۆژنامەنووسان، (NGO) کان و رێکخراوە گۆڕانخوازەکان و لایەنگرانی ئازادی بێ.

سەرچاوە: www.dimane.com

# پەشیمان نیم، پەشیمان نیم، پەشیمان نیم

**د. ئەحمەد میراودەلی**

پەشیمانی، ئاوێکی سارده بۆ دۆزەخی دەروون. بەڵێ زەرەر لەنیوەشی بگەڕێتەوە باشە، وەلێ هەر دۆراندنە. پەشیمانی ماف نییە داگیربکرێ و بسەندرێتەوە. پەشیمانی بڕیاری خودە دوای هەستکردن بە هەڵە یان تاوان. نیوە پەشیمانیش، پەشیمانی نییە، پەشیمانی وەك ئازادییە. مرۆ، ناپەشیمانە یان پەشیمان، هەروەك چۆن کەسێك نییە نیوە ئازادو نیوە کۆیلە. ئێستا ئەگەر لەگەڵ خۆتان راستگۆن و پەشیمانن، ئەی بۆ ئێستاش هەر وەك جاران، هەرواو هەرواو هەروا دەڵێن و دەکەن؟ تۆ، دەڵێی خودا، من، دەڵێم ئێزدان، کەس بە گوناهدا تلۆر ناکاتەوە، ئەو پشکی داوینێ، ئەوە مرۆڤە خۆی بە گوناهدا تلۆردەکاتەوە. لەلای تۆ ئازاری ویژدان دۆزەختریە سزایە. لەلای منیش سزای ویژدان دۆزەختریە ئازارە. ئەگەر ئەندێشە لە ویژدان ئاوبخواتەوە وەك بۆخۆتان دەڵێن، ئەوا هەموو "فەلەکەدینەکان" بێ ویژدانن. ئەگەر بەهەشت، ویژدانی ئاسوودە بێت، ئەوا هیچ بێ ویژدانێك بەهەشتی نیە، دۆزەخیش ویژدانی بەتاڵە. راست دەفەرموون، هەرکەسێ خۆی بدوێنێ و لەگەڵ خۆیدا راستگۆیێ، دەزانێ ئایا بە ویژدان ژیاوە یان بەبێ ویژدان. خۆزگە هەموو سەرانی کوردستان وەك تۆ راستگۆیانە لەگەڵ خۆیاندا بدوابان! پەشیمان نیم، پەشیمان نیم، پەشیمان نیم.

من وەك تۆ پەشیمان نیم. پەشیمان نیم لەوەی دەنگم بە فیدراڵیزم نەدا، باش دەمزانی دەرمانێکی ئێکسپایەرو رێژکەی هەڵدێری هەموو ئاواتەکانمە. پەشیمان نیم لەوەی دەنگم بە دەستووری هەمیشەیی نەدا، من نەمویست بیکەمە تەوقی ملی خۆم، مخابن تۆ کردتەوە تەوقی ملی منیش.

من دەمزانی زۆربەی نەتەوەکەم نەیدەزانی و هەڵبژاردەی وەك تۆش وەك من دەیزانی تەونی جاڵجاڵۆکەیەو رۆژێك دێ خوێنمان لوش دەدا. ئەگەر راستگۆبین، هەردووکمان دەمانزانی ئەنجامەکەی بارتەقای قولەپێی مافی سرووشتی میللەتەکەمان نییە، لێ تۆ دەنگت دا. تۆ: بۆ لە پەروەردگار دەپرسی چیت بەخۆت کردووەو لە چ لیتاوێك چەقیوی؟ بۆ لەپەروەردگار ناپرسی، چیت بە میللەتێك کردووەو لە چ لیتاوێکت چەقاندووە؟ خۆزگە لە ئاهی قوربانیانیان و ئێمەدا هەموو شەوێك زەنگی نهێنی سەرتان لێبداتەوەو راتانچڵەکێنێ لەسەر ئەوەی هاتنەوەو تەوقی بیابانتان کردەوە ململان. بۆ لە خوا دەپرسی ئەو تەوقە کەی لەملت دەبێتەوە؟ وەك دەزانی لەژێر هەرناوێکدا بێت هەر تەوقی کۆیلایەتییە، دڵنیام ئاواش دەزانی، تەوقێك مرۆڤ بیکاتە ئەستۆی خۆی دەتوانێ داشیمالێ. بەڵێ بەناوی خوا پەرستییەوە عارەب هاتن "مەزدای" مەزن، ئافرێنەری خۆشەویستو میهرەبانیی و مرۆڤدۆستیان کوشتو بە "أللە"ی شمشێربەدەستو سەرپەڕێن و ئەنفالچی ویژدانیان تاساند. داد ئارامبەخشی دڵو ویژدانە، وەلێ کامە داد؟ ئەگەر دادگەییکردنی سەدام وەك " سایکۆپاد"ێك دەروونی تۆ ئاوبدا، ئەوا چاك بزانە دەروونی کەسانی وەك من بە تەنووردا دەدا. ئالێرەشدا، لە دادگەییکردنی ئەنفالچییەکانیشدا، لەسایەی ئێوەوە دۆڕاندوومانە. هێشتا برینە گەورەکانمان پڕنەبوونەوە، شەرتتان لەگەڵ شەیتان بەستەوەو پێوەی نوساون تاکارەسات. نەك سەدام، دەبوو وڵاتی عێراق لەدادگەیی نێودەوڵەتیدا لەسەر جینۆسایدی کورد دادگەیی بکرایە. تۆ خاوەنی رەزێکی سووتاوی و بە شوشەیەك شەراب رازیکرا!. تۆ مافی خۆتە بەو شانۆگەرییە دەروونی خۆت ئارامکەیت، وەلێ بەدەستکەوت پێمی مەفرۆشە. ئەوەت باش پێکاوە کە دەڵێیت " دەستکەوتەکەمان ئەوەندە بچووکە جێگەی شەرمە بۆ گیانی قوربانیانی ستەمو زۆرداریی بگێڕینەوە". بۆ داخت دێت دوای زێدە لە پازدە ساڵ حوکمڕانیت، بەدەستی بەتاڵەوە بە پیری گیانی قوربانییە بێ تاوان و کوژراوە بێ کەسەکانەوە دەچی؟ چما کەمتان پێگوترا؟ کەمتان بۆ نووسرا؟ کەم کرانە نیشانەی تیلو توانجو جنێوو باکیشتان نەهات؟ کەم بەڵگەتان لەژێر دەستدایە؟ ئەی بۆ نەگەیشتنە ئاستی رێکخراوێکی کوردە قاپشۆرەکانی هەندەران لە تۆڵەی ئەنفالکراواندا؟ ئەی بۆ ئێستاش جاش و ئەنفالچی لە خۆ دەگرن؟ ئەگەر ئەوەیە پەشیمانی، چ پەشیمانی؟ ئێمە دەزانین چیتان پێ کردووین، وەلێ هەرخۆتان دەزانن چیتان بەخۆتان کردووەو بۆ دووچاری ئەو گوناهەش بوون. منیش باوەڕم، کەس نەمردووە، ئەوان زیندوون، لەناو ویژدانی قاپشۆرەکانی تاراوگەو رەشوڕووتو برسییەکانی کوردستاندا دەژین. ئەوان زیندوون لەناو ویژدانی زیندوودا... دڵنیام ئەوان ئێستا لەژێر باڵی مەزدا دان دوور لە "ئەللا"، وەك مەزداش بەخشندەن. بە بارانی پایز، لێبووردنمان بەسەردا دەبارێنن، بە شنەبای بەهاردا، بەرامەی بەهەشتمات ئاراستە دەکەن، بەختەوەر ئەو کەسەیە ئەو بەرامەیە رووی سووردەکا. سەرانسەری دنیای مەزدا، تیشکو رووناکییە، هیچنامە مەڵێرەوە... هیچنامە پەسند نییە. گوناهکار نیم.... پەشیمان نیم.

بەبۆنەی پەشیماننامەکەی کاك فەلەکەدینەوە، پێشکەشە بە هەموو فەلەکەدینەکان...

# لە وەڵامی داخوازیەکەی بەڕێز وەزیری رۆشنبیریی کوردستان: پێش چارەسەر کردنی کێشەی ئاڵا، دەبێ کێشەی عەرەبی نەبوونی ئێراق یەکلا بکرێتەوە

**دەستەی بەڕێوەبەریی ماڵپەڕی هەڵوێست**

لەم رۆژانەدا کێشەی ئاڵای ئێراق بووەتە سەرتۆپی دەنگو باس و لێکۆڵینەوە. ئەم ئاوڕدانەوە لە ئاڵای ئێراق، پاش بڕیارەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان کە "لە کوردستان تەنیا ئاڵای کوردستان دەبێ هەڵکرێ" هاتە ئاراوە. دیارە هەر پاش بڵاوبوونەوەی هەواڵی بڕیاری سەرۆکی هەرێم، هاواری پڕ لەقین و زووخی شۆڤێنیستە عەرەبەکان (دەسەڵاتدارو بێ دەسەڵات) بەرزبووەوە. کار گەیشتە ئەو جێگەیە کە شۆڤێنیستەکانی فارس و تورکیش پاڵیان دایە پاڵ برا شۆڤێنیستە عەرەبەکانیانەوەو بوون بە لایەنگری ئاڵای بەعس. ئەوەبوو کە دەسەڵاتەکانی تورکییەو ئێران، "نیگەرانی" خۆیان لەمەڕ "هەندێك تەحریکات" لە "باکووری ئێراق" دەربڕی (ناوێکە لەجێگەی باشووری کوردستان دەریدەبڕن). بەشێوەیەك کە لە کاتی سەفەری بەڕێز دوکتۆر بەرهەم ساڵح بۆ ئێران، "رۆژنامەنووس"ێکی سەر بەناوەندی خەبەری حکومەتی ئێران لە مەڕ ئاڵای ئێراق و مەترسیی جیاوازی خوازیی کوردان لە ئێراق لێی دەپرسێ. دیارە دوکتۆر بەرهەم بەشێوەیەکی دیپلۆماتیك وەڵامێکی جێی خۆی دایەوە، بەڵام ئەو وەڵامە هیچکات ئەو شۆڤێنیستانە ناهێنێتە سەر ئەو باوەڕە کە واز لەفراوانخوازی خۆیان لەمەڕ کوردستان بێنن و هەر ئان و سات خەریکی پیلان دژی ئەم بەشەی کوردستانن.

کێشەی ئاڵاو خۆ تێهەڵقوتانی شۆڤێنیستانەی زۆربەی لایەنە عەرەبەکانی گۆڕەپانی ئێراق لەم کێشەیە (چ ئەوانەی لە دەسەڵاتدان و چ ئەوانەی دوور لەدەسەڵاتن) و هەڕەشەو گوڕەشەی عەرەبی سوننە (وەك میراتگری بەعس)، وایکرد کە دەسەڵاتی کوردیش هەڵوێست بگرێ کە بەختەوەرانە هەردوو سەرۆکی پارتی و یەکێتی لەمبارەوە هاودەنگ بوون. ئەو هاو دەنگییە وای کرد کە سەرەنجام پارلەمانی ئێراق بەخۆ بکەوێ و بیەوێ بیانوو لە کورد بڕێ (هەڵنەکردنی ئاڵای بەعس) و بە هەر شێوەیەك بووە ئاڵایەکی ئێراقی بەسەردا بسەپێنێ، چونکە ئەوان پێیان قەبووڵ ناکرێ لە کوردستان تەنیا هەر ئاڵای ئەم گەلە بشەکێتەوەو هەوڵدەدەن بەزووترین کات لەرێگەی پارلەمانەوە ئاڵایەکی تازە بۆ ئێراق پەسند بکەن.

هەر لەم پێوەندیەدا، بەڕێز فەلەکەدین کاکەیی وەزیری رۆشنبیری لە پەیامێکدا داوا لە رۆشنبیران و خامە بەدەستان و بە گشتی نوخبەی کورد دەکات بیرو هزری خۆیان لەمبارەوە دەربڕن.

بە باوەڕی ئێمە پێش چارەسەرکردنی کێشەی ئاڵا دەبێ ئەو راستییە چارەسەر بکرێ کە ئێراق گەرچی عەرەبی تێدا دادەنیشێ، بەڵام مادام چەند نەتەوەی دیکەشی تێدا دەژی، ئیتر نابێ وەك وڵاتێکی عەرەبی پێناسە بکرێ، چونکە تا عەرەبەکان (بە شۆڤێنی و ناسیونالیستو "چەپ" و راستیانەوە) ئەو راستییە نەسەلمێنن کە ئێراق وڵاتێکە کە کوردو نەتەوەو ئایینەکانی دیکەی تێدایەو ناتوانێ وڵاتێکی عەرەبی بێ، هەزار ئاڵای رەنگامەو بۆرو شینی بۆ دیاری بکرێ، کێشەکانی چارەسەر نابێ.

کاتێك ئێراق بە وڵاتێکی عەرەبی بچووێندرێت، ئەی ئێمەی کوردو خەڵکانی ئاشووری و کلدان و تورکمان... بەچی حیساب دێن. راستی ئەوەیە ئەوکات بمانەوێ و نەمانەوێ لە پێوەری جیهانیدا بە بەشێك لە جیهانی عەرەب دەژمێردرێن. ئەی ئەمە تەعریب نییە چییە؟ ئێمە خاوەنی ناسنامەی خۆمانین و ئەو ناسنامەش کوردیە نەك عەرەبی. بۆیە دەبێ گەر بڕیار دراوە سەربەخۆ نەبین، لەگەڵ هەر وڵاتێك بین دەبێ ناسنامەی ئەو وڵاتە (لە ناو خۆو دەرەوە) بەشێوەی شەفاف دەرخەری ناسنامەی ئێمەی کوردیش بێ.

بۆیە گەر عەرەبی ئێراق زۆر سوورن کە بەشێك لە ئومەی عەرەبی بن، سەر سەرو سەرچاوان با لە ئێمەو خەڵکانی دیکەی غەیرە عەرەب گەڕێن کە ئازادانە چارەنوسی خۆمان دیاری بکەین و ئەوانیش ئێراقیعەرەبی خۆیان رابگەیەنن. گەرچی هەر لە ئێستەوە ئاشکرایە وڵاتێکی ئەوتۆ لە ماوەیەکی کورتدا بەهۆی شەڕی مەزهەبیی موسوڵمانەکان (شیعەو سوننی) دوو شەقو بگرە چەند شەق دەبێ، بەڵام ئیتر لە ئیتادەی ئێمە بەدەرەو هیچ بە ئێمە ناکرێ.

جیا لەوەش لە ئێراقی ئیمڕۆدا ئەوەی عەرەبە (زۆرایەتی) بە شیعەو سوننییەوە خوازیاری وڵاتێکی ئیسلامی و ئیدئۆلۆژیکن. ئەوان دەیانەوێ! حکومەتێکیان هەبێ کە بە پێی یاساکانی ئایین و شەرع هەڵسوکەوتیان لەگەڵ بکات. دیارە هەر کامەو بە پێی شەرعی خۆی (شیعە یا سوننە)، بەڵام ئێمەی کورد، سەرەڕای ئەوەی هەرکەس ئازادە چ ئایین و دینێکی هەبێ یا نەی بێ، بەڵام خوازیاری کۆمەڵگەو دەسەڵاتێکی سیکۆلارین. بۆیە لەمبارەشەوە ئاومان بە جۆگەیەکدا ناچێ. ئەمانە چەند خاڵێکی گرینگن کە نوێنەرانی کورد لەپارلەمانی ئێراقدا دەبێ سەرنجی پێبدەن. ئەگینا ئەو پارلەمانە ئاڵایەکی عەرەبی– ئیسلامی (نیوە شیعە، نیوە سوننی) بۆ ئێراق پەسند دەکات کە لە ناوەڕۆکدا هیچ جیاوازییەکی لە ئاڵاکەی بەعس نابێ.

بەکورتی و بەکوردی وەڵامەکەی بەڕێز فەلەکەدین کاکەیی ئەوەیە کە سەرەتا دەبێ ناسنامەی ئێراق روون ببێتەوە، پاشان ئاڵاو سروودی نیشتمانی بۆ دابین بکرێ، چونکە ئەو دەورانە نەماوە کە وڵاتانی بێگانە یا چوار ئەفسەری کۆدێتاچی بە بێ پرسی خەڵك خۆیان گەزی بکەن و خۆشیان بیبڕن. کورد چیدیکە ناگەڕێتەوە بۆ دواوە. کورد ئیتر نابێ بچێتە ژێر بەیاخی شۆڤێنیزمی عەرەبو فاناتیزمی ئیسلامییەوە.

سەرچاوە: www.hellwist.com